# جۆرەکان زۆربوونو ژیانی هاوسەریش، هاوسەریی نیە!

لەم سەردەمی تەکنەلۆژیان ئینتەرنێتەی لەهەموو لایەکانەوە بەسەر جیهاندا کراوەتەوە، ژیانیشمان هەروەك کلیك دەجولێت لەشێوەی ئەو ئامێری کۆمپیوتەرە کە بەکلیکی لای راستو چەپ بەسەریدا زالّ دەبین، لەرێی ئەو مشکە بچووکەوە بەئینگلیزی (ماوس)ی پێدەلێن.

هەموو شتێك لەژیانماندا بەگەورەو بچووکەوە بۆتە کلیکی لای راستو چەپ، تەنانەتە گرنگترین هەلوێستو بڕیارەکانمان ئاوهای لێهاتووە، ئێمە وەك مرۆڤ گەیشتوینەتە قۆناغی بەکارهێنان، بەکارهێنانو قۆستنەوەش بەتەنها بۆ شتە مادییەکان نیە، بەلکو خۆشمان وەك مرۆڤ بوین بەمادە بەکاربەرەکان، یان وەك جۆرێك لەمەدەنی بوونی نوێدا، لەمەش گەورەتر ئەوەیە خەریکە دەبینە هەرزانترینی شتەکان نەك گرانترینی، رۆژانە کە چاودێری هەوالّو رۆژنامەو سایتەکانی ئینتەرنێت دەکەم، ئەمەم بۆ دەردەکەوێت.

کاتێك رێژەی جیابوونەوە کە لەجیهانی عەرەبیدا کەوتە بەرچاوم، سەرم سوڕما، لەو توێژینەوەیەی بنکەی ئەمیر سلێمان لەریاز بەئەنجامی دابوو، دەرکەوتووە رێژەی جیابوونەوە لەبەحرێن ٤٠% و لەمیسر ٣٨%و لەقەتەر ٤٨%و لەئیمارات سالّی ٢٠٠٣ ٤٦%، لەکوەیتیش ٤٠%، لەسعودییەش رۆژانە (٣٣) جیابونەوە هەیەو لەولاتانی کەنداویشدا رێژەکە لەنێوان (٣٠% و ٣٨%)دایە.

ئافرەت لەسەردەمی جیهانگیریدا بووە بەشمەکێك کە لەهەموو شمەکەکانی دیکە زیاتر بەکاردێت، رەنگە رۆژێك بێت لەقاوەو ئەو لاپەڕانەی لەسەری دەنوسین زیاتر بەکاربهێنرێت، لەوەش زایاتر رێژەی هاوسەری ناشەرعی بەجۆرەکانیەوە هێندەی رێژەی جیابوونەوەیەو بگرە زیاتریش، چونکە ئەو هاوسەرییەی ئێمە دەیزانین کە ژنو پیاوێك لەبەردەم خوداو خەلّکیدا گرێبەست دەکەن کە ببنە یەك خێزانو لەخۆشیو ناخۆشیدا بەشداربن، ئێستا نمونەیەکی سروشتیو خێزانی ئاسایی نیە، چونکە ئەم هاوسەرییە یەکەم ژیانی هاوسەرییە لەژیانی پیاوی عەرەبیدا، دوای ئەوەش دەست بەتاقیکردنەوەی هەموو جۆرەکانی دیکە دەکات، کەسێك لەبەرچاوی خەلّکیدا مارە دەکات، دواتر بەرەو ئەو ژنانە مل دەنێت کە چێژی تایبەتی خۆی لێوەردەگرێت، بێگومان لای ئەو جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە کە ئەم ژنانە کامیان ژنی ئەون، دەلّێن خودا کچی خەلّکی (خێزان)ی وا دروست کردووە بەئاشکرا شوو بکەنو کچانی نێو جادەش (بێکەس) کە بەدزییەوە شوو بکەن، زۆر لەو پیاوانەی لەژنێك زیاتر دەناسن، بەدوانو سیانو چوارەوە ناوەستن وەك لەقورئاندا هاتووە، بەلکو هاوسەری لای ئەوان پرۆسەیەکی ئالّوگۆڕی کاتییە، ئیدی چی رێگە لەوە دەگرێت ببێتە پێنجو شەش هەتا چارەسەری وەك جیابوونەوە هەبێت!

تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ پێشکەوتنی ئەقلّو داهێنانەکانی تێپەڕاندوین، تەکنەلۆژیا گەیشتە ناو مرۆڤەوەو وایکردووە فێربێت چۆن خۆشی خۆی بەهەرزانترینو خێراترین شێوە وەربگرێت، بووە بەمشکی کۆمپیوتەر بەکلیکی راست ژن دەهێنێتو بەکلیکی چەپ لێی جیادەبێتەوەو مەسەلەکەش ماندوێتی ناوێت.

بەڕاستی هاوسەرگیری بەجۆرەکانیەوە لەگەلّ جیابوونەوەدا بوون بەگرفتی گەورەکراو لەکۆمەلّگەکانی عەرەبیدا،

**گرفتەکە ئەوە نیە کام هاوسەری شەرعیە یان ناشەرعی، هەموو کەس دەزانێت چی حەلالّەو چی حەرامە، بەچاوپۆشین لەو گومانانەی بەهۆی فەتواکانەوە دەردەچن، بەلّکو گرفتەکە ئەوەیە کە نرخی مرۆڤ لەدیدی خۆیو ئەوی دیکەدا نەماوە.**

بەتایبەتی کە جۆرو رێگاکان زۆرتر بوونو شتەکان رونتر بوون، گەنجی ئەمڕۆ ناچار نیە خوێندن تەواو بکاتو بڕوانامە وەربگرێتو لەدەزگایەکدا دابمەزرێت تاوەکو ژن بهێنێت، ئەوەندەی بەسە پەنجە لەسەر کچێك دابنێت، بەئاسانیو بێ سەریەشە دلّداریو پێکهێنانی خێزانو ئاهەنگ گێڕان کە لەگەلّ نەریتو بەهاکان لەنێو دەچن، ژن بهێنێت، دەتوانێت کێی دەوێت هەلّیبژێرێت.

ئەو پیاوانەش زۆرن کە هاوسەری کۆلانیان پێ چاکە، ئەم هاوسەرگیرییەش لەسەرووی لیستەکەوەیەو زیاتر لەنێو گەنجانی زانکۆکاندا باوە، کە فێربوون بەر لەتەواوکردنی خوێندن هاوسەرگیری شەرعی شتێکی زەحمەتە کە بەخێرایی بێتەدی لەو بارودۆخە بێکارییەی ولاتانی تەنیوە، وەك زانراوە یاسا لەم هاوسەرگیرییەدا یان هەر هاوسەرگیرییەکی ناشەرعیدا هیچ مافێك بە کچ نادات، بێجگە لەو کاریگیەرییە خراپەی ئەم جۆرە هاوسەرییە لەسەر دەرونیدا جێی دەهێلّێت، یان ئەو گرفتە کۆمەلایەتیو دادگاییەی لەئەنجامی ئەو هاوسەرییە بەدزییەوە دوچاری دەبێتەوە.

چەند جۆرێکی دیکەی هاوسەری هەیە، لەوانەش (هاوسەری چێژ وەرگرتن ـ تاقیکردنەوە)، کە ئامانج تێیدا لەپێناو مندالّ بوونە، یان بۆ نەفەقە، یان لەنێوان خاوەن مولّكو خزمەتکاردا، لەپێناو تێکەلاوبوون، یان لەپێناو چێژی نازایەندیدا، ئەمانە هەموو هاوسەری چێژوەرگرتنە، بێ ئەوەی بچینە سەر باسکردنیان، ئەمانە ناشەرعینو وێرانکردنی کەرامەتی مرۆڤە چ ژن یان پیاو، چونکە ئەو مرۆڤەی دەگاتە قۆناغێك کە مرۆڤێکی دیکە بۆ چێژێکی تایبەتو کاتی بەکاربهێنێت، مرۆڤێکی سروشتی نیە، ئیدی پاساوەکانی هەرچیەك بن، لەگەلّ ئەوەی لەم جۆرە هاوسەرییە لەرۆژانی (جاهیلی) پێش ئیسلام باوبووە، کە ئیسلام حەرامی کردو نازانین لەبەر چ پێویستیەك سەر هەلّدایەوە؟!

وەك لەم دواییەدا دەرکەوت جۆری هاوسەرییەك (هاوسەری رێبواریی) لەولاتانی کەنداودا بلاوبۆتەوە، کە تیایدا پیاو ژنێکی تەلاقدراو یان بێوەژن دەهێنێت کە لەمانگێکدا جارێك یان زیاتر بچێتە لای، زۆرجار لەناوچەیەکی دووری شوێنی نیشتەجێیەتی. بەرامبەر ئەوەش ژنە دەست لەمافی خۆی هەلّدەگرێت، یان جۆرێکی دیکە هەیە پێی دەلّێن (هاوسەری بنەمای جیابوونەوە) کە لەنێو گەنجە موسولّمانەکانی دەرەوەی ولاتیان باوە، لەنیەتی خۆیدایە کە پاش تەواو بوونی لەخوێندن یان کارکردنی لەو کەسە جیابێتەوە کە ویستویەتی بیهێنێت.

هەروەها هاوسەری (فرێند ـ هاوڕێ) کە لەخۆرئاوا باوە لەولاتانی عەرەبیدا بەربلاو بووە، وەك هاوسەرگیری شەرعی کە مەلاو شاهیدو گرێبەستو مارەیی لەخۆ دەگرێت، جیاوازییەکە ئەوەیە کە مێرد مالّی نیە، ئەم هاوسەرییە لای چەند کەسایەتیو شێخەکانەوە وەك (عەبدولا مەجید ئەلزنندانیو شێخی ئەزهەر محەمەد سەید تەنتاوی)یەوە حەلالّ کراوەو ژن تیایدا مافی خۆیەتی کە دەست لەمافەکانی هەلّگرێتو نەفەقەش بەخواستی خۆیەتی.

جۆری هاوسیری (عورفی) لاکۆلان کە لەم سالانەی دواییدا بەرفراوان بووەو گەنجان بەدزییەوە بەئەنجامی دەدەن، گەنجان بەهۆی ئەو پەڕەیەی لەم هاوسەرییەدا دەینوسنو گرفتیان بۆ دەنێتەوە، فێربوون بەبێ شاهید لاپەڕەیەك دەنوسن یان بە(تسجیل) دەنگی خۆیان دەگرن، ئا لێرەدا هەموو شێوەکانی هاوسەری بزر دەبنو دەبێتە نهێنییەك لەنێوان دوو کەسدا بێ شاهید، ئەگەر یەکێکیان بزر بێت کە بەزۆری پیاوەکەیە، ئەوا کەسەکەی دیکە بە (زانی) گوناهکار دادەنرێت، ئەم هاوسەرییەش ناشەرعییەو حەرامکراوە وەك زۆر لەزانایانی ئاینی فەتوانایان لەبارەوە دەرکردووە.

گرفتەکە ئەوە نیە کام هاوسەری شەرعیە یان ناشەرعی، هەموو کەس دەزانێت چی حەلالّەو چی حەرامە، بەچاوپۆشین لەو گومانانەی بەهۆی فەتواکانەوە دەردەچن، بەلّکو گرفتەکە ئەوەیە کە نرخی مرۆڤ لەدیدی خۆیو ئەوی دیکەدا نەماوە.

ئێستا وامان لێهاتووە جۆری هاوسەری وەك جۆری خۆراکەکانی نێو لیستی چێشتخانەیەك هەلّدەبژێرین، چێژو هەستو حەزەکانمان بووە بەئامێر کاردەکاتو دەکوژێتەوە، کاتێك وەختی چێژ دێت وەلامی چێژ وەرگرتن دەداتەوە، نەریتو بەهاو رێزو خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤدا چوونە کوێ، گەیشتووینەتە رێگایەك، سەرەتاکەی ئەوەیە کێ ئەوی دیکە دەقۆزێتەوەو کۆتاییەکەشی ئەوەیە کێ بەکەمترین زیان لەم جۆرە هاوسەرگیرییانەدا دەردەچێت کە ئێستا بۆتە یاری بەرێگە جیاوازەکان!!

**ڕەشا ئەرنست**

**و/ ڕۆشنا ئەحمەد**

# مەبەست چییە لەوەی خوێندنەوەیەکی تازەمان هەبێت؟

لەگەلّ ئەوەشدا کە بەشی هەرە زۆری هەلّسوکەوت و پێگەی هزری و ژینگەی مرۆڤی، بەرهەمی ڕاهێنەرانەی خۆیەتی، بەلام ڕەوتی ژیانی زۆرینەی مرۆڤایەتی پاشکۆی داهێنەرانەی کەمینەیەکی چالاکن و دەستەمۆی خۆبەستنەوە بە داڕێژراوەکانی پێشینە قالّبکراوەکانی سەردەمە سەرکەوتووەکانی خۆیانن.

بوونەوەری مرۆڤی پەیوەستێکی هزریانەی کۆمەلایەتی خوازە و لە بەردەوامی خۆیدا پەیوەندییە ڕەچەلّەکییەکانی خۆی دەپارێزێت و هەر بەو هۆیەشەوە هەلّگری هزرێکی ڕەوت خواز و داهێنەرانەیە.

هەر لەو زۆنگەیەشەوە ئەبینین، کە بەردەوامی مرۆڤایەتی تێهەلّکێش بووە لە ئاراستەیەکی هزریانەی و داهێنەرانەی سیستمی، کە دواجار تاکەکانی کۆمەلّگای مرۆڤایەتی بە گوێرەی پێگە و جێگەی تیاداهەلّکەوتویان دەستەمۆی بوون و گواستوشیانەتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان.

دیاردەی مێژووی نوێی مرۆڤایەتی بە هەلّگری بیروڕا سروشتییەکان و ڕەوتە ئایینی و فەلسەفییەکانی تێگەیشتوو پێگەیشتووی هزری مرۆڤ پێناسە ئەکرێت.

ئەم چەمکە هزرییە ڕەوت ئاساییەی مرۆڤ زۆر جار پێگەیەکی پەسەند و ڕەوای ڕەوتی بارئەهێنێت، کە دواجار بە سەپاوی جێگیر ئەبێت و بە ئاسانی و ساکاری لە هزری مرۆڤەکان مالّئاوایی ناکات، ببڕا ئەبێت بە بنەمایەکی هزریانەی و زۆرینە پەسەندی مرۆڤایەتی.

هەرچەندە بوونەوەری مرۆڤی بە کاردانەوەی لە بەرامبەر گۆڕانە سروشتییەکانی ژینگەی خۆیی و زۆر جار لە دەرەوەی ژینگەش بە شێوەی فانتازیا دەربڕی کونجکاوانەی ڕەوتی چالاکی هزری خۆی بووە، بەلام هەندێ جاریش لاوازانە لە بەرامبەریدا دەستەمۆ بووە و ملی بۆ بەردەوامی ژیان ناوە.

لێرەدا کاردانەوەی هزریانەی مرۆڤ بە لێکدانەوە و داهێنان لە بەرامبەری ڕێچکەی بەردەوامی هزری دەستەمۆبوونی مرۆڤەکان لە بەرامبەر ئاستی پێگەیشتوو بە تێگەیشتنی تازەگەری و خستنە ژێر پرسیاری پرۆسەی بە ردەوامی قەتیسماویدا وا دەکات کە بۆ کۆی پێگەیشتنەکان و تێگەیشتنەکان خوێندنەوەیەکی تازەمان هەبێت، بەمەش سەرکەوتنێك بە دەسەلاتی هزریانەی مرۆڤیەتی ئەبەخشین و هزری دەستەمۆی خۆمان بەرەو ئاقاری چالاکی سەربەخۆیی بە گەڕ دەخەین.

گەر بێت و سەیری فەلسەفەی پێگەیشتن و تێگەیشتنی بیردۆزە ئاینییەکان و خواست و وییستەکانیان لەگەلّ ئاستی توانا هزری و جەستەییەکانی بوونەوەری مرۆڤی ئەم سەردەمە بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە سود وەرگرتن لە توانا هزرییەکانی مرۆڤ وەك پێویست ئاستێکی ڕێژەیی خۆی نەبڕیوە. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ قەتیسماوی گەشەو پێگەیشتنی مرۆڤ و ژینگەکەی، کە هەر هەمان ڕەوتی ڕاهێنانی هزری ناچالاکی مرۆڤ بووە. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، کە چالاك بوونی هزری مرۆڤ بۆ هەلّسەنگاندن و تێگەیشتنی هاوچەرخانە لە بەردەوامی سودبەخشی خۆشبەتی مرۆڤایەتی، بۆ خۆی و ژینگەکەشیەتی.

بەو هیوایەوە کە داکۆکی کردن لە ڕەوت و ڕێچکەیەکی فەلسەفی یان ئایدۆلۆژی بۆ سەپاندن و بەردەوامییەکی پڕ چەرمەسەری و بەرەو هەلّدێر، نەبێتە ڕێگر لە بیرکردنەوە و توێژینەوەی چارەسەرساز لەسەر پایەو بنەما هزریانەی و زانستییەکان بەرهو داهێنان و ڕاهێنانێکی تازەگەرانەی سودبەخش و خۆشگوزەران بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ژینگەکەی.

**شەمالّ باخچەیی**